لە پێشوازی
مانگی ڕەمەزانی پیرۆزدا



شیکردنەوەی

مامۆستا هەڵۆ حەمەڕەشید

لە پێشوازی

مانگی ڕەمەزانی پیرۆزدا

شیکردنەوەی

مامۆستا هەڵۆ حەمەڕەشید

ئامادەکردنی محمد حسن

پێشەکی

بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ

الْحَمْدُ لِلَّهِ الَّذِي شَرَّفَ شَهْرَ رَمَضَانَ بِإِنْزَالِ الْقُرْآنِ، وَجَعَلَهُ مَوْسِمًا لِلْعَفْوِ وَالْغُفْرَانِ، وَفَتَحَ فِيهِ أَبْوَابَ الْجِنَانِ. وَالصَّلَاةُ وَالسَّلَامُ عَلَى نَبِيِّ الرَّحْمَةِ سَيِّدِنَا مُحَمَّدٍ، الَّذِي كَانَ أَجْوَدَ النَّاسِ بِالْخَيْرِ، وَكَانَ أَجْوَدَ مَا يَكُونُ فِي رَمَضَانَ، وَعَلَى آلِهِ وَصَحْبِهِ وَمَنِ اهْتَدَى بِهَدْيِهِ إِلَى يَوْمِ الدِّينِ.

أَمَّا بَعْدُ...

هەر کاتێک وەرزی پڕ بەرەکەتی ڕەمەزان نزیک دەبێتەوە، پرسیارێک لە زەینی هەمووماندا دروست دەبێت: "چۆن بتوانم زۆرترین سوود لەم مانگە ببینم و نەهێڵم بەفیڕۆ بچێت؟."

لەبەر ئەوەی ڕەمەزان قوتابخانەیەکی ساڵانەیە و ڕۆژەکانی دەژمێردرێن و خێرا تێدەپەڕن، وە هەروەها تێگەیشتن لە چۆنیەتی پێشوازیکردن لێی زۆر گرنگە؛ بە ئەرکی سەرشانی خۆمم زانی کە ئەم بابەتە گرنگەی جەنابی (مامۆستا هەڵۆ حەمەڕەشید) بنووسمەوە و بیخەمە بەر دیدی ئێوەی ئازیز.

نووسینەوەی ئەم نامیلکەیە لەوەوە سەرچاوەی گرت کە هەست دەکرێت زۆر جار تەنها بە ڕووکەش و بێ پلانی ڕۆحی دەچینە ناو ئەم مانگەوە. ئەم کتێبـە لە چەندین خاڵی زێڕیندا، دەستت دەگرێت بۆ ئەوەی بە "تەوبە" و "عەزم"ـەوە بچیتە ناو مانگەکەوە و بە "لێخۆشبوون" و "تەقوا" لێی دەرچیت، نەک تەنها ئەوە بێت کە بەشداری برسێتی و تینوێتییەکەیت کردبێت.

ئامانجم لەم نووسینەوەیە ئەوەیە، هیچ ساتێکی ئەم مانگە پیرۆزە بەفیڕۆ نەچێت و هەموومان ببینە خاوەنی ئەو مژدانەی کە پێغەمبەری خودا (ﷺ) بە ڕۆژووەوانانی داوە.

داواکارم لە پەروەردگار ئەم کارەمان لێ قبووڵ بکات و بیکاتە هۆکاری هیدایەت بۆ هەموومان.

وَآخِرُ دَعْوَانَا أَنِ الْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ.

ئامادەکار

محمد حسن

چۆن پێشوازی لە مانگی ڕەمەزان بکەین؟ چۆن بچینە ناو ڕەمەزانەوە و چۆن لێی دەرچین؟

چۆن پێشوازی لە ڕەمەزان بکەین و چۆن بچینە ناو ڕەمەزانەوە و چۆنیش لێی دەرچین؟

زۆر گرنگە ئینسانی موسڵمان ئاگاداری ئەم سێ بابەتە بێت. لە ڕابردوودا لەبارەی ئەم بابەتانەوە زۆر قسەمان کردووە، بەڵام بڕیارم دا هەموو ئەو قسانەی کە کردوومانە کورتی بکەمەوە لە چەند خاڵێکدا و پێشکەشتانی بکەم بە پوختی، کە هەندێک ئیستیدراکات و زیاداتی تێدایە، کە بە پوختی بۆ ئەوانەی پێشوو زیادمان کردووە.

بۆگرنگە ئەم سێ بابەتە بزانین: چۆن پێشوازی لە ڕەمەزان بکەین؟ چۆن بچینە ناویەوە و چۆن لێی دەرچین؟

لەبەر ئەوە گرنگە کە ناتوانین بەرەکەت و خێر و ئەجری ڕەمەزان بەدەست بهێنین هەتاوەکو ئاگاداری ئەو سێ بابەتە نەبین. ئێمەی موسڵمان بۆ ئەوە دەژین لەسەر ئەم زەوییە کە ببینە خاوەنی ئەجر، خاوەنی بەرەکەت، ببینە خاوەنی خێر و خاوەنی چاکە. جا ئەو خێر و چاکە و ئەجر و بەرەکەتەی لەناو ڕەمەزاندا هەیە لە هیچ مانگێکی تردا نییە؛ بۆیە زۆر گرنگە ئێمە بزانین چۆن ببینە خاوەنی ئەو خێر و بەرەکەت و ئەجرە و بەدەستی خۆمانی بهێنین. بەوەش دەبینە خاوەنی کە بزانین چۆن پێشوازی لەو خێر و بەرەکەت و ئەجرە بکەین و چۆن لەناویدا بژین و چۆن بە سەربەرزی و نووکۆتایی پێ بهێنین و بیخەینە نامەی ئەعمالەکانمانەوە بە ئیزنی اللّٰه ﷻ.

خاڵی یەکەم: زانینی فەزڵ وگەورەیی مانگی ڕەمەزان

یەکەمین خاڵ کە گرنگە بیزانین بریتییە لەوەی کە بزانین ڕەمەزان چی فەزڵ و ئەجرو پاداشتێکی هەیە. بزانین چی مانگێکە وگەورەییەکەی لە کوێدایە و ئەجر و پاداشتەکەی لە کوێدایە و خێر و بەرەکەتەکەشی کامەیە. ئەمەش کاتێک دەزانین کە بگەڕێینەوە بۆ قورئان، دواتر بگەڕێینەوە بۆ سوننەت، علمی فەزڵی ڕەمەزانی لێ وەربگرین.

اللّٰه ﷻ لە قورئاندا دەفەرموێت: شَهْرُ رَمَضَانَ الَّذِي أُنزِلَ فِيهِ الْقُرْآنُ. دەفەرموێت: مانگی ڕەمەزان، چی مانگێکە؟ أُنزِلَ فِيهِ الْقُرْآنُ، مانگێکە قورئانی تێدا دابەزیوە. هُدًى لِّلنَّاسِ، ئەو قورئانە لەو مانگەدا دابەزیوە کە دەبێتە هۆکاری ڕێنموونی بۆ خەڵکی. وَبَيِّنَاتٍ، ڕوونکردنەوەی تەواوی بابەتەکانی ژیانی بۆ خەڵکی تێدایە؛ هەق وبەتاڵ، کوفر و ئیمان، شیرک و تەوحید، نیفاق و ئیسلام، حەرام و حەڵاڵ، فیسق و طاعە، هەمووی ڕوونکردۆتەوە تێیدا. مِنَ الْهُدَىٰ وَالْفُرْقَانِ، لە هەمان کاتیشدا فورقانە، واتە ئەهلی بەهەشت لە ئەهلی جەهەنەم جیادەکاتەوە، کافر لە ئیماندار و مونافیق لە موسڵمان و سوننی لە بیدعی و موشریک لە موەحید و حەرامخۆر لە حەڵاڵخۆر و خراپەکار لە چاکەکار جیادەکاتەوە، فورقانە.

کەواتە مانگەکە مانگی دابەزینی قورئانە و مانگی دابەزینی هیدایەت و بەیان و فورقانە. بۆیە دەفەرموێت: فَمَن شَهِدَ مِنكُمُ الشَّهْرَ فَلْيَصُمْهُ. کێ لە ئێوە ئامادەی ئەو مانگە بوو، باگەورەترین عیبادەتی تێدا ئەنجام بدات کە یەکێکە لە ڕوکنەکانی ئیسلام، بریتییە لە عیبادەتی ڕۆژووگرتن. فَلْيَصُمْهُ، فەرمانمان پێ دەکات کە دەبێت بیگرین ڕۆژووەکەی.[1]

بەپێی ئەوەی کە لەم ئایەتەدا هاتووە، مانگی ڕەمەزان مانگی ڕوکنێکی گەورەی ئیسلامە کە ڕۆژووە، قورئانی تێدا دابەزیوە کە ئەویش ڕوکنێکی گەورەی ئیمانە و لە هەمان کاتدا هیدایەتی تێدا هاتووە، فورقانی تێدا هاتووە و تیبیانی تێدا هاتووە، تەنها لەو ئایەتەدا.

[1] سورة البقرة ١٨٥

بۆ فەزڵ و گەورەیی ئەم مانگە لە سوننەتدا، لە خاڵەکانی دواتردا دەردەکەوێت کە چی فەزڵ و گەورەییەکی هەیە.

کەواتە خاڵی یەکەم بریتییە لەوەی کە فەزڵی ئەو مانگە بزانین، بە نیعمەتێکی گەورەی بزانین و شوکری ئەو نیعمەتەش بکەین. بچینەوە بە ڕەمەزانی پێشووماندا کە بەسەرمان بردووە، چی کەم و کوڕییەکمان هەبووە تێیدا؟ هەوڵ بدەین ئەم ڕەمەزانە ئەو کەم و کوڕییانەمان نەبێت. چی جای ئەم ڕەمەزانە لە ڕەمەزانی ڕابردوو خراپتر بین، ئەوە کارەساتە ئەو کاتە. بۆیە وەک نیعمەتێک تەماشای بکەین کە الله ﷻ پێی بەخشیوین. نەوەک وەک نیقمەتێک، وەک ئێش و ئازار و ناڕەحەتی تەماشای بکەین، بڵێین: ئەوە هات! بەالله ﷻ ڕۆژوو ناڕەحەتە، بەالله ﷻ تەراویح ناڕەحەتە، بەالله ﷻ عیبادەت ناڕەحەتە، بەالله ﷻ ئیتر ژیان قورس دەبێت، گرانییە، ناتوانین... چی... ئەو کاتە تۆ وەک نیعمەتێک تەماشات نەکردووە. ئەوە تۆ حەقی ئەو مانگەی الله ﷻ ت نەداوە بەو شێوەیەی کە الله ﷻ دەیوێت، و بەو شێوەیە تەماشات نەکردووە کە الله ﷻ قەدری پێ داوە و ڕێزی پێ داوە و تەماشای کردووە.

خاڵی دووەم: چوونە ناو ڕەمەزان بە تەوبەوە

خاڵی دووەم بریتییە لە داخڵبوون بە ڕەمەزان بە تەوبەوە.

هیچ کەسێک لە ئێمە نییە کە بەردەوام پێویستی بە تەوبە نەبێت. کاتێک کە دەمانەوێت داخڵی جێگایەکی پیرۆز بین، وەک مەکە و مەدینە، سوننەتە بە نیەتی عیبادەتکردن و بە تەوبەوە داخڵی بین. سوننەتە بەو نیەتەوە داخڵی بین ئەو فەزڵ و ئەجرە بەدەست بهێنین کە لەو جێگایەدا هەیە، دڵ و دەروونمان پاک بکەینەوە و ئامادەی بکەین بۆ بەدەستهێنانی. کاتێکیش کە داخڵی مانگێک دەبین، ئەوە مەکان بوو، ئەمەیان زەمانە، زەمانێک دەبین، مانگێک دەبین کە پڕیەتی لە بەرەکەت و فەزڵ؛ سوننەتە بە هەمان شێوە خۆمان پاک بکەینەوە لەڕووی دڵ و دەروونمانەوە و لەڕووی جەستەمانەوە، ئینجا داخڵی بین.

چونکە بەڕاستی ئەگەر بمانەوێت فەزڵ و ئەجر و گەورەیی مانگی ڕەمەزان بەدەست بهێنین، پێویستە دڵ و دەروونمان پاک کردبێتەوە لە هەموو پۆخڵەوات و پیسی و تاوان و گوناه و کوفر و شیرکێک، ئینجا وەک ئەو بینینە ناوی. ئەگینا بەڕاستی ئەگەر پاک نەبووبێتەوە، ئەو فەزڵ و ڕێز و گەورەیی و شکۆ و ئەجرەی ڕەمەزان نایەتە ناوی.

بۆیە زۆر گرنگە بە تەوبەوە داخڵی ڕەمەزان ببین. التخلية ثم التحية، سەرەتا ئەوەی لەناومانایە لە خراپە لای بەرین، ئینجا چاکەکان بهێنین. ناکرێت خراپەکەمان تێدا بێت و چاکەی بەسەردا بکەین، کە ئەو خراپەیە چاکەکەشمان تێک دەدات. بەڵکو هەوڵ بدەین خراپییەکان لە خۆماندا لاببەین، ئینجا وەک چاکەکان کۆبکەینەوە.

خراپییەکان دوو جۆرن:

١ـ بریتییە لە تاوان کە ئەنجاممان داوە؛ پێویستە لەو تاوانانە تەوبە بکەین و نەچینەوە سەریان. بەدوورو درێژی باسی تەوبە و مەرجەکانیمان کردووە.

٢_ بریتییە لەوکەم وکورپیانەی کە هەمان بووە لە چاکەکانماندا. نوێژمان کردووە و کەم و کورپیمان هەبووە تێیدا، قورئانمان خوێندووە و کەم و کورپیمان هەبووە تێیدا، دەرس و دەورمان خوێندووە و وتوومانەتەوە و کەم و کورپیمان هەبووە تێیدا، فەرمانمان بە چاکە کردووە و قەدەغەمان لە خراپە کردووە و کەم و کورپیمان هەبووە تێیدا، لە کەسابەت و مامەڵات و ڕەوشتماندا کەم و کوری هەبووە. هەوڵ بدەین ئەوکەلێنانە هەمووی پڕبکەینەوە، بە توند و تۆڵی داخلی ڕەمەزان بین.

چونکە بەڕاستی اللّٰه ﷻ لە قورئاندا دەفەرموێت: تُوبُوا إِلَى اللَّهِ جَمِيعًا أَيُّهَ الْمُؤْمِنُونَ لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ. ئەی ئیمانداران هەر هەمووتان پێویستتان بە تەوبەیە، بەردەوام تەوبە بکەن و بگەڕێنەوە بۆ لای اللّٰه ﷻ بەڵکو سەرفراز بن.[٢] لە ئایەتێکی تردا دەفەرموێت: يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا تُوبُوا إِلَى اللَّهِ تَوْبَةً نَّصُوحًا. ئەی ئەوانەی ئیمانتان هێناوە تەوبە بکەن، بگەڕێنەوە بۆلای اللّٰه ﷻ، تەوبەکەتان با چۆن بێت؟ نەصوح.[٣]

ئیمامی عومەر دەفەرموێت: التَّوْبَةُ النَّصُوحُ: أَنْ يَتُوبَ مِنَ الذَّنبِ، ثُمَّ لَا يَعُودُ فِيهِ، كَمَا لَا يَعُودُ اللَّبَنُ إِلَى الضَّرْعِ.[٤]

تەوبەی نەسوح: ئەوەیە کە مرۆڤ تەوبە بکات لە تاوانەکە، پاشان هەرگیز نەچێتەوە سەری (نەگەڕێتەوە ناوی)، هەروەکو چۆن شیر ناگەڕێتەوە ناوگوان.

رسول اللّٰه ﷺ دەفەرموێت: من دڵم بێ ئاگا نییە لە اللّٰه ﷻ، لە یەک مەجلیسدا سەد جار دەڵێم أَسْتَغْفِرُ اللَّهَ وَأَتُوبُ إِلَيْهِ. لە یەک مەجلیسدا سەد جار تەوبە دەکات. رسول اللّٰه ئاوا بێت، ئێمە چەندمان پێویستە؟ لە ڕیوایەتێکی تردا هاتووە لە ڕۆژێکدا. بۆیە زۆر گرنگە ئێمە بە بەردەوامی کەسانێکی تەوواب بین و کاتێک کە داخلی ڕەمەزان دەبین زۆر زیاتر هۆشمان لەلای تەوبە بێت. ناکرێت بەڕێزترین مانگی اللّٰه ﷻ ڕووبەڕووی ببینەوە و بچینە ناوی بە تاوانەکانمانەوە. پێویستە بە تەوبەوە بچینە ناوی، چونکە تەوبە بناغەیە بۆ چاکەکانی ترمان. کە

[٢] سورة النور ٣١
[٣] سورة التحريم ٨
[٤] زوهدی ئیمامی ئەحمەد بەشی زوهدی عومەری کوری خەتتاب

تەوبەمان کرد دەبینە خۆشەویستی الله ﷻ ، إِنَّ اللَّـهَ يُحِبُّ التَّوَّابِينَ وَيُحِبُّ الْمُتَطَهِّرِينَ. بەراستیی الله ﷻ ئەوکەسانەی خۆش دەوێ کە لە گوناه پەشیمان دەبنەوەو، خۆیان بەپاک وخاوێن رادەگرن.[٥]

کە تەوبەمان کرد موفلیح دەبین، تُوبُوا إِلَى اللَّهِ جَمِيعًا أَيُّهَ الْمُؤْمِنُونَ لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ. ئەوکاتەیە وا دەبنە کەسانێکی سەرفراز، چاکەکانی کەشتان لەسەری بنیاد دەنرێت و وەردەگیرێت. بۆیە زۆرگرنگە بە تەوبەوە داخڵی مانگی ڕەمەزان بین.

[٥] سورة البقرة ٢٢٢

خاڵی سێیەم: دوعاکردن بۆگەیشتن و وەرگرتنی ڕەمەزان

خاڵی سێیەم؛ زۆر گرنگە دوعا بکەین اللّٰه ﷻ بمانگەیەنێتە ڕەمەزان و ڕەمەزانیش بگەیەنێت بە ئێمە و ڕەمەزانیشمان لێ وەربگرێت. یەحیای کوڕی کەسیر یەکێک لە دوعاکانی ئەوە بوو: اللَّهُمَّ بَلِّغنَا رَمَضَانَ دەیووت ئەی پەروەردگارمان بمانگەیەنە بە ڕەمەزان. وَسَلِّمْنَا إِلَى رَمَضَانَ»، ڕەمەزانیشمان تەسلیم بکە. وَسَلِّم رَمَضَانَ إِلَينَا، ڕەمەزان تەسلیمی ئێمە بکە؛ واتە ئەجر و عیبادەت و هەوڵ و کۆششەکەی بەفیڕۆ نەدەین، هەمووی بەدەست بخەین و کۆی بکەینەوە لە خۆماندا و بنووسرێت و بکرێتە نامەی ئەعمالەکانمانەوە. وَتَسَلَّمْهُ مِنِّي مُتَقَبَّلًا، لێمی وەربگرە بەقبوڵکراوی.[٦]

بۆیە سەحابەکانی ڕسول اللّٰه ﷺ شەش مانگ پێش ئەوەی ڕەمەزان بێت دەیانفەرموو:اللَّهُمَّ بَلِّغنَا رَمَضَانَ، ئەی پەروەردگارمان بمانگەیەنە بە ڕەمەزان. کە تەواویش دەبوو، ئەوشەش مانگەش دەیانوت:اللَّهُمَّ تَقَبَّلْ مِنَّا رَمَضَانَ، ئەی پەروەردگارم ڕەمەزانمان لێ قبووڵ بکە.

بۆیە ڕسول اللّٰه ﷺ کە ڕەمەزان نزیک دەبووەوە دەیفەرموو چی بە سەحابەکان:أَتَاكُمْ شَهْرُ اللَّهِ الْمُبَارَكُ. ئاگادار بن مانگی ڕەمەزانی پیرۆز، مانگی اللّٰه ﷻ بەرەو پیرتان هات. خۆتان ئامادە کەن بۆ چوونە ناوی. بۆیە بەڕاستی دوعاکردن بەگەیشتن بە ڕەمەزان وگەیشتنە ناوڕەمەزانیش بەو شێوەیە، ئەوە دەبێتە هۆی ئەوەی کە تۆ بەهرەمەند بیت لەو فەزڵ و بەرەکەتەی کە تێیدایە. و دواتریش کە دوعا دەکەیت اللّٰه ﷻ لێت قبووڵ بکات، دیسان دەبێتە هۆی ئەوەی کە ئاسەواری ئەو ڕەمەزانە و ئەو عیبادەتانەی کە تێیدا کردووتە لەسەرت بەردەوام بێت.

[٦] حلية الأولياء وطبقات الأصفياء، بەرگی ٣ لاپەڕە ٦٩

خاڵی چوارەم: دوعای بینینی مانگ

خاڵی چوارەم؛ دوعایەکمان هەیە کە دوعای مانگەکانە. هەموو مانگێک سوننەتە تۆ ئەم دوعایە بخوێنیت، تەبعەن باسی مانگە عەرەبییەکان دەکات. هەرکاتێک رسول الله ﷺ هیلاڵی هەر مانگێکی بدیایە دەیفەرموو:اللَّهُمَّ أَهِلَّهُ عَلَيْنَا بِالْأَمْنِ وَالْإِيمَانِ وَالسَّلَامَةِ وَالْإِسْلَامِ رَبِّي وَرَبُّكَ اللَّهُ.

دەیفەرموو ئەی پەروەردگارم، ئەم مانگەمان بەسەردا تێپەڕێنە بە چی؟ ئەمن و ئیمان. یانی بۆ خۆمان پارێزراو بین لەڕووی دینمانەوە و لەڕووی دنیاشمانەوە. ئیمانیشمان تێیدا بەهێز بێت. ئیتر ئیمان قسەیە، کردارە، بیروباوەڕە؛ هەر سێکی تێدایە، زیاد بکات و بەهێز بێت. چونکە ئیماندار دەبێت ئیمانی بەرەو زیادە بڕوات بەردەوام.

وە دەیفەرموو:وَبِالسَّلَامَةِ وَالْإِسْلَامِ. ئەی پەروەردگارمان ئەم مانگە با تێیپەڕێنین بە سەلامەتی لە دینماندا، لە ئەخلاقماندا، لەماڵماندا، لە دنیاماندا، لە مناڵماندا، لە حاڵماندا هەمووی سەلامەت بێت. وَالْإِسْلَامِ، ئیسلامیش واتە تەتبیقکردنی تەوحید و نوێژ و ڕۆژوو و زەکات و حەج؛ بتوانین هەمووی بەجوانی لەو پەڕی چاکیدا بگەیەنین بە تۆ. پاشان دەیفەرموو بە هیلاڵی مانگەکە:رَبِّي وَرَبُّكَ اللَّهُ، پەروەردگاری من و تۆش الله ﷻ.[٧]

بۆیە إِنْ شَاءَ اللّٰه یەکەم ئێوارەی ڕەمەزان ئەم دوعایە لەکیس مەدە. تۆ مەفروزە هەموو مانگێک بیکەیت بەڵام بۆ مانگی ڕەمەزان زۆر گرنگترە ئاگاداری بی. چونکە بەڕاستی مانگی ڕەمەزان لە هەمووی ئەجر و پاداشتی زیاترە و لە هەمووشیان گرنگترە تۆ تێیدا سەلامەتی زیاتر بەدەست بهێنیت، ئەمنی زیاتر بەدەست بهێنیت، ئیمانی زیاتر بەدەست بهێنیت و ئیسلامەتی زیاتر بەدەست بهێنیت. بۆیە الله ﷻ ئەسڵەن مانگەکانی بۆچی دروست کردووە؟ بۆ ئەوەی تۆ تێیدا پلە و پایەی خۆت بەرز بکەیتەوە، ئەجر و پاداشت بەدەست بهێنیت و بەتایبەت ئەو هەموو فەزڵ و ڕێز و شکۆیە بۆلە ڕەمەزاندا کۆکردۆتەوە؟

---

[٧] مسندالإمام أحمد، مسند طلحة بن عبيد الله، فەرموودەی ژمارە (١٣٩٧)، چاپی مؤسسة الرسالة.

بۆ ئەوەی تۆ بتوانیت گەورەترین و باشترین و زۆرترین ڕێژەی لێ بەهرەمەند بیت.

خاڵی پێنجەم: چوونە ناو ڕەمەزان بە بڕیار و سووربوون

خاڵی پێنجەم؛ کە داخڵی ڕەمەزان دەبیت بە عەزم و حیرسەوە داخڵی ببیت. واتە وا داخڵی بی کە من ئەم ڕەمەزانە دەکەمە مەدرەسەیەک بۆ خۆم، دەکەمە قوتابخانەیەک تێیدا پەروەردە ببم. پەروەردە ببم لەڕووی ڕۆحییەوە، پەروەردە ببم لەڕووی جەستەییەوە، پەروەردە ببم لەڕووی زوبانمەوە، پەروەردە ببم لە هەموو ڕوویەکەوە، ڕوووکەش و ناخیش.

بەڕاستی مانگی ڕەمەزان مانگی پەروەردەکردنە. سەحابەکان کە دەگەیشتنە ڕەمەزان فەرقیان دەبوو لە دوای ڕەمەزان لەگەڵ لە پێش ڕەمەزاندا. پەروەردەیان بەرەو بەرزتر دەڕۆیشت. تابیعییەکان بە هەمان شێوە، تابیعی تابیعییەکان بە هەمان شێوە.

بۆیە بەڕاستی بگەی بە ڕەمەزان و پەروەردەت لەڕووی دینەوە، لەڕووی ئیمانەوە، لەڕووی تەقواوە زیاد نەکات، هەروەک خۆی بێت، یاخود پەنا بە الله ﷻکەم بکات، تۆ خەسارۆمەند بووی.

بۆیە دەبێت ڕەمەزان وەک مەدرەسەیەک تەماشا بکەیت، کە ئەوەی لە کەم و کوڕی تێتدا بووە پڕی بکەیتەوە و ئەوەی لە تاوان تێتدا بووە نەچیتەوە سەری.

رسول الله ﷺ دەفەرمووێت: مَنْ صَامَ رَمَضَانَ إِيمَانًا وَاحْتِسَابًا غُفِرَ لَهُ مَا تَقَدَّمَ مِنْ ذَنْبِهِ. مَنْ قَامَ رَمَضَانَ إِيمَانًا وَاحْتِسَابًا غُفِرَ لَهُ مَا تَقَدَّمَ مِنْ ذَنْبِهِ. مَنْ قَامَ لَيْلَةَ الْقَدْرِ إِيمَانًا وَاحْتِسَابًا غُفِرَ لَهُ مَا تَقَدَّمَ مِنْ ذَنْبِهِ.

هەر کەسێک مانگی ڕەمەزان هەمووی بە ڕۆژوو بێت، ئیمانی بە مانگەکە هەبێت کە الله ﷻ فەزڵ و ڕێز و شکۆی تێدا ناوە و کردوویەتی بە مانگی پەروەردەکردنی ئەو، و ئیمانی پێی هەبێت کە ڕوکنێکە لە ڕوکنەکانی ئیسلام ڕۆژووگرتن تێیدا، و حیسابی ئەجرەکەشی تەنها لای الله ﷻبکات نەک لای خەڵک؛ بە خەڵک بڵێت ئەم ڕەمەزانە ئەوەم کردووە ئێوە دەبێت ستایشم بکەن. ڕیاباز نەبێت تێیدا. ئەجری تەنها لای الله ﷻ بێت، ڕیایی تێدا نەکات. الله ﷻ لە تاوانی پێشووی هەمووی خۆش دەبێت.

واتە چی؟ واتە ئیتر تەواو پەروەردە بوو ئەمە. ئەمە مەدرەسەی ڕەمەزان پەروەردەی کرد، پاکی کردەوە. نەوەک دوای ڕەمەزان خراپتر بێت لە پێش ڕەمەزان.

پاشان دەفەرموێت هەر کەسێک تەراویحەکانی ڕەمەزان بەفیڕۆ نەدات، ئەویش بە هەمان شێوە ئیمانی پێی هەبێت کە ئەمە اللّٰه ﷻ لەسەری داناوە و حیسابی ئەجرەکەش لای اللّٰه ﷻبکات، تەراویحەکە بۆ ڕیایی نەکات، ئیتر پێشنوێژی دەکات یاخود لە دواوەیە؛ ئەوە ئەویش بە هەمان شێوە اللّٰه ﷻ لە تاوانەکانی پێشووی خۆش دەبێت.

هەر کەسێکیش لەیلەتولقەدر بەفیڕۆ نەدات، کەواتە ئەمە ڕۆژی، ئەمە شەوی، ئەمەش شەو و ڕۆژی بەیەکەوە. دە ڕۆژ و شەوەکەی لەیلەتولقەدر لەکیس خۆی نەدات، بە عیبادەت زیندووی کاتەوە، هەوڵ بدات خۆی تێماندوو بکات بۆ بەدەستهێنانی ڕەزامەندی اللّٰه ﷻ ، ئەگەر ئیمانی پێی هەبێت و حیسابی ئەجرەکە لای اللّٰه ﷻبکات، ڕیاباز نەبێت؛ ئەوە اللّٰه ﷻ لە تاوانەکانی پێشووی خۆش دەبێت.[٨]

بۆیە بەو گورەوە بچۆرە ناو ڕەمەزان، کە ڕۆژووەکەی بەفیڕۆ نەدەیت، ئەمە لێخۆشبوونێک لە تاوانەکانی ڕابردووت هەمووی. قیامی لەدەست نەدەیت یانی نوێژەکانی لەدەست نەدەیت، ڕۆژووەکانی لەدەست نەدەیت، ئەوە دوو دانە لێخۆشبوونت بەدەست هێنا. و دوای ئەوەش شەوانی قەدری لەدەست نەدەیت، کە ئەجری زیاد لە ٨٤ ساڵ عیبادەت زیاترت دەست دەکەوێت. چونکە دەفەرموێت: خَيْرٌ مِّنْ أَلْفِ شَهْرٍ. زیاتر لە ٨٤ ساڵ، ئیتر اللّٰه ﷻدەزانێت زیادەکەی چەندێکە. ئەوە تۆ لە تاوانەکانی ڕابردووت خۆش دەبێت. بۆیە بەڕاستی بەو عەزمەوە بچۆرە ناو ڕەمەزانەوە، کە ئەو فەزڵ و ئەجرانە هیچی لەکیس نەدەیت و هەمووی بەدەست بهێنیت.

---

[٨] (متفق علیه)، سەحیحی بوخاری (٣٨، ٣٥، ٣٧)، سەحیحی موسلیم (٧٦٠، ٧٥٩). ئەم دەقە کۆکراوەی سێ گێڕانەوەی سەحیحە کە هەموویان لە ئەبو هورەیرەوە هاتوون.

خاڵی شەشەم: سووربوون لەسەر بەدەستهێنانی لێخۆشبوونی اللّٰه ﷻ

خاڵی شەشەم؛ سوور بی لەسەر ئەوەی بە لێخۆشبوونی اللّٰه ﷻ وە نەبێت لەو مانگە دەرنەچیت. ئەمە زۆر گرنگە. چونکە بەڕاستی مانگی ڕەمەزان مانگی لێخۆشبوونی اللّٰه ﷻ یە بۆعەبدەکانی.

خۆت دڵنیا کەرەوە لەوەی کە ئەوەندە عیبادەتت کردووە، ئەوەندەش بەجوانی و جدی کردووتە کە شایستەی ئەوە بی الله ﷻ لێت خۆش بێت.

چونکە بەڕاستی رسول اللّٰه ﷺ جارێکیان بۆ وتاری جومعە چووە سەر میمبەر. هەنگاوی یەکەم دەلێت، دەفەرموێت: ئامین. هەنگاوی دووەم دەنێت، دەفەرموێت: ئامین. هەنگاوی سێیەم دەنێت، دەفەرموێت: ئامین. سەحابە عەجایەبیان لێ دێت، دەڵێن: ئەی رسول اللّٰه ﷺ، هەر سێ هەنگاوەکەی میمبەر ئامینت کرد،

بۆچی کردت؟

فەرمووی لەبەر ئەوە کردم:

یەکەمیان، جوبرەئیل هات بۆ لام فەرمووی: لووتی ئەو کەسە بە خۆڵا بچێت (یاخود ئەو کەسە زەلیل و سەرشۆڕ بێت) کە دەگاتە ڕەمەزان و ڕەمەزان تێدەپەڕێت، لێخۆشبوونی الله ﷻ بەدەست ناهێنێت.

جا دوعاکە کێ کردوویەتی؟ گەورەترین ڕەسولی ئاسمان.

کێ ئامینی لەسەر کردووە؟ گەورەترین ڕەسولی زەوی.

ئاگاداری خۆت بە.

بەڕاستی دوعایەکی خەتەرە ئەگەر بتگرێتەوە. لووتی ئەو کەسە بە خۆڵا بچێت (یاخود زەلیل بێت، سەرشۆڕ بێت) کە دەگاتە ڕەمەزان و لێخۆشبوونی الله ﷻ بەدەست ناهێنێت.

بۆیە تۆ دەبێت زۆر سوور بیت لەسەر ئەوەی لێخۆشبوونی الله ﷻ بەدەست بهێنیت. مانگی لێخۆشبوونە.

رسول اللّٰه ﷺ دەفەرموێت: دەرگاکانی بەهەشتی تێدا دەکرێتەوە، دەرگاکانی جەهەنەمی تێدا دادەخرێت. هەموو شەوێک اللّٰه ﷻ کۆمەڵێکی زۆر دەبووریت و لێیان خۆش دەبێت و لە ئاگر ڕزگاریان دەکات. دە با لەوانە بی! با نەک خۆت لەوانە بی، دوعا بکەی مردوو و زیندووشت لەوانە بن.

بۆیە خاڵی شەشەم بریتییە لەوەی کە زۆر گرنگە ئاگاداری بەدەستهێنانی لێخۆشبوونی الله ﷻ بیت.

خاڵی حەوتەم: تەرخانکردنی زۆرترین کات بۆ قورئان

خاڵی حەوتەم بریتییە لەوەی هەوڵ بدەی زۆرترین کات، باشترین کات دابنێی بۆ قورئان. وەک لە خاڵی یەکەمدا باسمان کرد، مانگی ڕەمەزان مانگی دابەزینی قورئانە. دەبێت تۆلە ڕەمەزاندا زۆرترین کاتت هەبێت بۆ قورئان. نابێت تۆبگەی بە ڕەمەزان و ئاسایی تێیپەڕێنیت وەک چۆن ڕۆژگاری ئاساییت بەسەر بردووە لەگەڵ قورئان. نابێت. دەبێت ئەو ڕۆژگارانەی ڕەمەزانت تایبەت بن لەگەڵ قورئان.

خودی رسول الله ﷺ ڕەمەزانان جوبرەئیل دادەبەزی لەگەڵی، مودارەسەی قورئانی لەگەڵ دەکرد. تەنانەت ئەو ڕەمەزانەی وەفاتی کرد دوو جار. بۆیە زانایانی پێشینی ئێمە عەجیب دیراسەی قورئانیان کردووە. وە کە دەگەیشتنە ڕەمەزان زۆر عەجیبتر.

شافیعی پێش ڕەمەزان ڕەحمەتی الله ی لێ بێت هەموو ڕۆژە خەتمێکی دەکرد. کە ڕەمەزان دەهات، بە ڕۆژ خەتمێکی دەکرد، بە شەویش دانەیەکی دەکرد. خەتم بە ٧ سەعات دەکرێت ئەگەر بە حەدر بیخوێنیت. بۆچی کاتت نییە بۆی؟ یانی تۆ تەماشا کە لە ڕەمەزانێکدا ٦٠ خەتم. ئیمامێکی وەک شافیعی.

ئیمامی عوسمان (ڕەزا و ڕەحمەتی الله ی لێ بێت)، یانی کە ویستیان بیکوژن، خێزانەکەی فەرمووی: چی؟ ئەی کوژن بیکوژن، هەموو شەوێک قورئانی خەتم دەکرد لە یەک ڕکات نوێژی ویتردا، تا بەیانی.

حاڵی پێشینانی ئێمە لەگەڵ قورئان ئاوا بووە. قورئان ئەسەرێکی عەجیبی هەیە لەسەر ئینسان. یانی نابێت تۆ ئەگەر حافز قورئانیشی، تۆ بڵێی من هەر ویردی حیفظەکەمم هەیە، ڕۆژانە جوزئێکە، دوو جوزئە، سێ جوزئە. نابێت شتی وا. دەبێت تۆ زۆر لە حەد لەگەڵ قورئاندا بی، بەردەوام دیراسەی بکەیت، بەردەوام بیخوێنیتەوە.

بەڕاستی دانەبڕان لە قورئان بە بەردەوامی بەڵگەی ئەوەیە کە الله ﷻ تۆی دەوێت و هەڵی بژاردووی. کردووتی بە ئەهلی قورئان بەتایبەت.

خۆشبەختی بۆ ئەوکەسەی کە بە قورئان بیستن خۆشحاڵ دەبێت، نەک بە غەیری بیستنی قورئان خۆشحاڵ بێت؛ لە گۆرانی و لەو بابەتانەی تر مۆسیقا و ئەوانە.

هەرکاتێک زانیت اللّٰه ﷻ گوێی تۆی بۆ قورئان کردۆتەوە و فکرتی بۆکردۆتەوە، خۆشحاڵ بە، اللّٰه ﷻ ئیرادەی خێری ویستووە پێت. بەڵام زانیت لە ئاست قورئاندا داخراوە و ڕووت کردۆتە بابەتەکانی تر، بەڕاستی بۆخۆت بگری. هەرچی گۆرانی و ئەلقە و فیلم و ئەو بابەتانەیە پێت خۆشە گوێت لێ بێت، بەڵام قورئان نا. ئەوکاتە تیاچووی. جا ئەگەر بێت و پەنا بە اللّٰه ﷻ لە ڕەمەزانیش وا بێت!

بۆیە لە ڕەمەزاندا مانگی قورئانە، دەبێت زۆر زۆر مەشغوڵی قورئان بیت. هەتا فەرموویان سەلەفی ساڵح، ئێمە کە ڕەمەزان دەهات دەیانوت: إِنَّمَا الشَّهْرُ شَهْرُ الْقُرْآنِ وَالإِطْعَامِ.

دەیانوت ئەم مانگە مانگی دوو شتە: قورئان خوێندن، نانداان بە خەڵکی.[٩]

زۆر گرنگە ئاگاداری ئەم خاڵەش بین. دیراسەکردنی قورئان زۆرترین کاتی دابنێی و تەرخانی بکەیت بۆ قورئان. سەیری حەرام و حەڵاڵ بکەیت، سەیری کوفر بکەیت تێیدا، سەیری ئیمان بکەیت تێیدا، سەیری تەوحید بکەیت تێیدا، سەیری شیرک بکەیت تێیدا، سەیری نیفاق بکەیت تێیدا، سەیری ئیسلام بکەیت تێیدا، سەیری سەرەنجامی مونافیقین و موشریکین و کوفار بکەیت، سەیری سەرەنجامی ئیمانداران و موسلمین و موتتەقین بکەیت. ئاوا، دیراسە بکەیت. حەرام و حەڵاڵەکەی، ئیعتیقاد و بیروباوەڕەکەی، سلوکییات و ئەخلاقەکەی، هەمووی لێ وەربگری و فێری بی. زۆر گرنگە. تەدەبورێکی وردت هەبێت بۆ قورئان. و هەوڵ بدەی ئەم قورئانە ڕەنگ بداتەوە لە گوفتار و لە کردارتا بۆ دوای ڕەمەزانیش، کاریگەریت لەسەر بەجێ بهێڵێت.

[٩] کتێبی (لَطائفُ المَعارف): نووسینی ئیبن ڕەجەبی حەنبەلی (لاپەڕە ١٧١)

خاڵی هەشتەم: پاراستنی ڕۆژوو لە حەرام و شتی بێسوود

خاڵی هەشتەم؛ ئاگاداری ڕۆژووەکەت بە. ڕۆژووەکەت بپارێزە.

چونکە بەڕاستی اللّٰه ﷻ بێ نیازە لە خۆبرسیکردنی تۆ و لە خۆتوونیکردنت. اللّٰه ﷻ ڕۆژووەکەی دەوێت. بۆیە رسول اللّٰه ﷺ دەفەرموێت چی:مَنْ لَمْ يَدَعْ قَوْلَ الزُّورِ وَالْجَهْلَ وَالْعَمَلَ بِهِ فَلَيْسَ لِلَّهِ حَاجَةٌ أَنْ يَدَعَ طَعَامَهُ وَشَرَابَهُ. هەرکەسێک واز لە قسەی بەتاڵ نەهێنێت، واتە قسەی حەرام بە گشتی، و کارکردن پێی، واتە کارکردن بە حەرام بە گشتی. واز لە قسەی حەرام بێنە، واز لە کرداری حەرامیش بێنە. وَالْجَهْلَ. ڕەفتار بە جەهل، کردار بکەیت بە جەهل، گوفتار بڵێی بە جەهل. هەوڵ بە بە ئایەت و حەدیث نەبێت قسە مەکە.[10] مَن كَانَ يُؤْمِنُ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الْآخِرِ فَلْيَقُلْ خَيْرًا أَوْ لِيَصْمُتْ. کێ باوەڕی بە اللّٰه ﷻ و بە ڕۆژی دوایی هەیە، با یان خێر بڵێت یان بێدەنگ بێت.[11]

کە بە قورئان و حەدیث قسە ناکەیت، بە ئەسەر قسە ناکەیت، بێدەنگ بە دەمت داخە.

ئیتر مەلای وتار دەڵێیت لە مزگەوتدا، دەرس دەڵێیتەوە، عەوامی لەناو مەجلیسدا قسە دەکەیت، تۆزێ دەمت بگرە.

کەواتە قسەی حەرام وازلێ بێنە، کرداری حەرام هەمووی وازلێ بێنە. و قسە بە جەهل و کردار بە جەهلیش واز لێ بێنە. ئەگەر نا، بە ڕۆژووی و ئەمانەت هەمووی تێدایە، بەڕاستی اللّٰه ﷻ پێویستی بە تۆ نییە خۆ برسیکەیت و خۆ توونیکەیت.

رُبَّ صَائِمٍ لَيْسَ لَهُ مِنْ صِيَامِهِ إِلَّا الْجُوعُ وَالْعَطَشُ. زۆر ڕۆژووەوان هەیە لە ڕۆژووەکەیدا تەنها چی بۆ دەمێنێتەوە؟ برسیەتی و توونیەتی.[12]

---

[10] سەحیحی بوخاری، کتێبی ڕۆژوو، فەرموودەی ژمارە (١٩٠٣)؛ ئەم دەقەش لە کتێبی ئەدەبدا هاتووە، ژمارە (٦٠٥٧).
[11] سەحیحی بوخاری: ٦٠١٨، سەحیحی موسلیم: ٤٧
[12] سوونەنی ئیبن ماجە: ١٦٩٠، موسنەدی ئەحمەد: ٨٨٥٦

لەوانەیە تۆ خۆت پێویستت بە برسییەتی و توونییەتی بێت وەک ڕێجیم بەکاری بهێنیت، بەس الله ﷻ لەسەر ڕێجیمکردن پاداشت ناداتەوە.

بۆیە واجبە لەسەر ڕۆژووەکەت بپارێزی لە قسەی حەرام، لە کرداری حەرام، لە قسەی جەهل، لە کرداری جەهل.

ئیتر ئەگەر خۆبەخۆ خۆت ئەنجامی بدەیت، یاخود بەهۆی کەسانی ترەوە تووشی بی، کە ئەمڕۆ بەڕاستی شەیتانەکانی ئینس لە موسڵمانان ناگەڕێن، بە هەموو شێوەیەک هەوڵ دەدەن لایان بدەن و تووشی تاوانیان بکەن. بۆیە زۆر گرنگە ڕۆژووەکەت بپارێزی.

خاڵی نۆیەم: زۆرترین زیکری الله ﷻ کردن لە ڕەمەزان

خاڵی نۆیەم؛ زۆرترین زیکری الله ﷻ بکە لە ڕەمەزاندا. مانگی ڕۆژووە، مانگی ناندانە، مانگی قورئانە، مانگی زیکرکردنی اللّٰە ﷻ یە.

زۆرترین زیکری الله ﷻ بکە لە ڕەمەزاندا. لە ڕەسول اللّٰەیان پرسی ﷺ: أَيُّ الصَّائِمِينَ أَعْظَمُ أَجْرًا؟ قَالَ: أَكْثَرُهُمْ لِلَّهِ ذِكْرًا.

چی ڕۆژووەوانێک زۆرترین ئەجری دەست دەکەوێت لەسەر ڕۆژووەکەی؟ فەرمووی: ئەوەیان زۆرترین زیکری الله ﷻ دەکات.[13]

بۆیە تۆ زیکری بەیانیان و ئێواران هەیە بیپارێزە، زیکری پاش نوێژەکان هەیە بیپارێزە، زیکری هەڵسوکەوتت لە ماڵەوە هەیە بیپارێزە، زیکری هەڵسوکەوتت لە دەرەوە هەیە بیپارێزە، زیکری هەڵسوکەوتت لە مزگەوتدا هەیە بیپارێزە. بەمە وەک زانایانمان دەفەرموون، لەوانە ئیمامی ئیبنولسونی و ئیمامی نەسائی، تۆ دەبیتە الذَّاكِرِينَ اللَّهَ كَثِيرًا، ئەگەر ئافرەتیش بی وَالذَّاكِرَاتِ. دەبیتە یەکێک لەوانەی کە زۆر زیکری اللّٰە ﷻ ت کردووە.
بۆیە ئەم زیکرانە هەمووی بپارێزە، بەفیڕۆی مەدە.

رسول اللّٰە ﷺ دەفەرموێت: أَلَا أُنَبِّئُكُمْ بِخَيْرِ أَعْمَالِكُمْ ... وَخَيْرٌ لَكُمْ مِنْ أَنْ تَلْقَوْا عَدُوَّكُمْ فَتَضْرِبُوا أَعْنَاقَهُمْ وَيَضْرِبُوا أَعْنَاقَكُمْ؟ قَالُوا: بَلَى. قَالَ: ذِكْرُ اللَّهِ.

پێتان بڵێم چی لە جیهادیش باشترە؟ سەحابەکان فەرموویان: بەڵێ. فەرمووی: بەردەوام زوبانت پاراو بێت بە زیکری اللّٰە ﷻ . بۆیە زیکری الله ﷻ لەیاد مەکە لە ڕەمەزاندا. کاریگەرییەکی عەجیبی دەبێت لەسەرت.[14]

ئەگەر بتوانی زیکری الله ﷻ هەر لە یەک جۆردا کۆنەکەیتەوە؛ بۆنموونە خوێندنی ئەورادەکان بێت بە دەم، کە ئەورادەکان یاخود سەنا و تەسبیحی اللّٰە ﷻ یە،

---

[13] موسنەدی ئیمام ئەحمەد ١٥٦١٤
[14] سونەنی ئیبن ماجە ٣٧٩٠

یاخود پاڕانەوە و نزایە، یاخود ئیستعازاتە بۆخۆپاراستن، یاخود قیرائەتە، ئایەتە. تۆهەوڵ بدە لەمەندا زیکری الله ﷻ کورتی نەکەیتەوە.

بۆنموونە، زیکری حەرام و حەڵاڵ لە خەیاڵتا بێت، زیکری سەواب و عیقابی لە خەیاڵتا بێت، زیکری وەستان لەبەر دەمی الله ﷻ ی لە خەیاڵتا بێت، زیکری مردن لە خەیاڵتا بێت. ئەگەر بتوانی ئەم پێنج جۆرە زیکرە کۆبکەیتەوە کە ئەمانە هەر پێنجی واجبە لەسەر تۆ، ئەوە بەڕاستی ئیتر ئەو پەڕی ڕۆژووەکەت بە ئەجرەوە دەخەیتە نامەی کردەکانتەوە بە ئیزنی الله ﷻ.

خاڵی دەیەم: ئامانج لە ڕۆژوو؛ بەدەستهێنانی تەقوا

خاڵی دەیەم؛ زۆرمەبەستت بێت لە ڕەمەزان دەرنەچیت هەتا نەبیتە موتتەقی. چونکە بەڕاستی مەبەست لە هەموو عیبادەتێک گەیشتنە بە پلەی تەقوا. اللّٰه ﷻ بۆ خۆی لە سەرەتای سوورەتی بەقەرەدا پێمان دەفەرموێت چی: يَا أَيُّهَا النَّاسُ اعْبُدُوا رَبَّكُمُ الَّذِي خَلَقَكُمْ وَالَّذِينَ مِن قَبْلِكُمْ لَعَلَّكُمْ تَتَّقُونَ.

ئەی خەڵکینە، پەرستنی پەروەردگارتان بکەن بە تەنها کە ئەو ئێوەی خەلق کردووە و ئەوانەی پێش ئێوەش هەر ئەو خەلقی کردوون، بۆچی؟ پەرستن بۆ چی؟ عیبادەت بۆ چی؟ لَعَلَّكُمْ تَتَّقُونَ؛ بۆ ئەوەی ئێوە ببنە کەسانێکی موتتەقی، بگەنە مەرتەبەی تەقوا.[15]

کەواتە مەبەست لە هەموو عیبادەتەکان گەیشتنە بە پلەی تەقوا. و سەیر دەکەیت لە ئایەتەکانی ڕەمەزان و ڕۆژوودا، بەتایبەت اللّٰه ﷻ دەفەرموێت چی؟ دەفەرموێت:كُتِبَ عَلَيْكُمُ الصِّيَامُ كَمَا كُتِبَ عَلَى الَّذِينَ مِن قَبْلِكُمْ لَعَلَّكُمْ تَتَّقُونَ.

ڕۆژووتان لەسەر فەرزکراوە چۆن وەک چۆن لەسەر ئوممەتەکانی پێش ئێوەش فەرزکراوە، بۆچی؟ بۆئەوەی ببنە کەسانێکی موتتەقی.[16]

کەواتە بەڕاستی ئەگەر بێت و ڕەمەزان تێپەڕێنیت و نەگەشتبیتە پلەی تەقوا، بگریە بۆ ڕەمەزانەکەت، بەفیڕۆت داوە. بەرهەمت نەبووە تێیدا، نەتیجەت نەبووە تێیدا، مەبەست لە تەواوکردنەکەی بەدەستت نەهێناوە.

زۆر کارەساتە تۆ بگەی بە ڕەمەزان و تێیپەڕێنیت و لە دوای ڕەمەزانیش هەر هەمان ئینسان بی؛ هەمان ڕەفتار، هەمان کردار، هەمان هەڵسوکەوت، هەمان ڕەوشت، هەمان شێوازی دینداری. یاخود لە ڕەمەزاندا خۆت باش کەیت، دوای ڕەمەزان خراپ بیتەوە، هەڵی وەشێنیتەوە. کە بەڕاستی زۆرێک لە

---

[15] سورة البقرة ٢١
[16] سورة البقرة ١٨٣

خەڵکی بەو شێوەیە. ڕەمەزانی تەواو کرد، دەست دەکات بە هەڵوەشاندنەوەی ڕەمەزانەکەی.

ئافرەتێک هەبوو لە قورەیشدا ناوی جیعرانە بوو (کە ئێستا ئەو مەنتەقەیەی، مەنتەقەی جیعرانە، میقاتیشە لە مەکە، خەڵکی ئەوێ بوو)؛ ئەم ئافرەتە عەقڵی تەواو نەبوو. بەیانیان خوورییەکی زۆری دەهێنا، هەمووی دەڕست هەتا عەسر. لە دوای عەسرەوە دەستی دەکرد بە هەڵوەشاندنەوەی، دەیکردەوە بە خووری. الله ﷻ نەسیحەتی ئێمەی کرد کە کارێکی وا نەکەین و ئاوها نەکەین، دەفەرموێت: وَلَا تَكُونُوا كَالَّتِي نَقَضَتْ غَزْلَهَا مِن بَعْدِ قُوَّةٍ أَنكَاثًا.[١٧]

نەکەن وەک ئەو بکەن. کردارانێکی باش بکەن لە ڕەمەزاندا، ڕۆژووی باش، عیبادەتی باش، قورئان خوێندنی باش، لەیلەتولقەدر، شەونویژ، تەراویح، هەمووی کۆبکەیتەوە؛ بەڵام لە دوای ڕەمەزان دەست بکەیتەوە بە کاری خراپ، هەر هەمووی هەڵبوەشێنیتەوە. نەکەی شتی وا بکەیت.

[١٧] سورة النحل ٩٢

خاڵی یازدەیەم: ئامادەبوون لە مەجلیسەکانی زانست

خاڵی یازدەیەم؛ ئامادەبوون لە مەجلیسەکانی زانست. چونکە بەڕاستی فێربوونی زانست واجبە لەسەر هەموو موسڵمانێکی نێر و مێ. طَلَبُ الْعِلْمِ فَرِيضَةٌ عَلَى كُلِّ مُسْلِمٍ. فێربوونی زانست فەرزە لەسەر هەموو موسڵمانێکی نێر و هەموو موسڵمانێکی مێ.[18]

لە ڕەمەزاندا مەجالیسی زیکر زۆر دەبێت. خودی ئێمە خۆمان ناهێڵن لە غەیری ڕەمەزاندا مەجالیسی زیکرمان هەبێت. خۆ ئەگەر بیهێڵن، ئێمە ئامادەین هەموو ڕۆژێک لە دوای عەسرەوە هەتاوەکو بانگی عیشا دابنیشین دەرس بڵێینەوە لەناو مزگەوتدا، کورسییەک دابنێین و دەرس بڵێینەوە. بەڵام ناهێڵن.

لە ڕەمەزاندا الله ﷻ ئەو دەرفەتەی بۆ ڕەخساندووین لە عەسران و لە شەواندا، مودەتێک دەرس بڵێینەوە. بۆیە تۆ هەوڵ بدە هیچ نەبێت ڕەمەزان وابەستەی ئەو دەرس و دەورانە بە. ئەوەندە عیلم و زانست و زانیاری شەرعی تێدا بەدەست بهێنە کە دینەکەت ڕاوەستاو بێت پێی. کە دوای ڕەمەزان نەتوانرێت زەفەرت پێ ببرێت، دینەکەت لێ بسێنرێت، لێت زەوت بکرێت، مورتەد بیتەوە پێی.

بۆیە زۆر گرنگیشە ئەوانەی کە دەرس دەڵێنەوە بزانن چی دەڵێنەوە، باوانەشی گوێ دەگرن بزانن گوێ لە چی دەگرن. واتە بەڕاستی کۆمەڵە بابەتێکی دووبارە کە هەموو کەسێک لەبەریەتی، پێویست ناکات تۆ هەموو ڕەمەزانێک بیڵێیتەوە. هەوڵ بدە مەنهەجییەتێک هەبێت بۆ پەروەردەکردنی خەڵک، نوقسانییەکانیان لەڕووی دینەوە پڕبکەیتەوە. و تۆش هەوڵ بدە بگەڕێ بەدوای ئەو شتانەی کە نایزانیت، کە نوقسانیت هەیە تێیدا. مەگەڕێ بەدوای شتێکدا موتعە بێت، چیرۆک بێت و چێژی لێ ببینیت. بگەڕێ بەدوای عیلمی لاإله إلا الله محمد رسول الله. کێ لەو بوارەدا قسە دەکات گوێ لەوە بگرە. چونکە ئەمڕۆ بەڕاستی ئەو عیلمە لە خەڵکی وون کراوە و پێچراوەتەوە.

---

[18] سونەنی ئیبن ماجە ٢٢٤

بگەڕێ بەدوای عیلمی هەڵبژاردنی قیامەت بەسەر دنیادا. چونکە بەڕاستی ئەمڕۆ خەڵک لەوەیا خەلەلی هەیە، هەر بۆیە تەوحیدەکەشی دەدۆڕێنێت، زوهدی نییە، ناتوانێت قیامەت هەڵبژێرێت بەسەر دنیادا، پەروەردە نەبووە لەسەری.

بۆیە ئاگادار بە، مەجالیسی زیکر لە ڕەمەزاندا لەیاد مەکە. چونکە خودی مەجالیسی زیکر مەجالیسی قورئان و سوننەتە. تەدەبورێکی وردی دەست دەکەوێت، ئەگەر ئەو مەجلیسە مەجلیسی زیکر بێت بە حەق، و ئەو مامۆستایەی کە دەرسەکە دەڵێتەوە مامۆستا بێت بە حەق، بیەوێت تەوحید و سوننەت بگەیەنێت؛ بەڕاستی تەدەبورێکی جوان لە قورئان پێشکەشی تۆ دەکات و دیراسەیەکی جوان لە سوننەت پێشکەشی تۆ دەکات، تۆی تێدا پەروەردە دەکات.

بۆیە بەڕاستی ئاگادار بە، مەجالیسی زیکر هەم قورئانی تێدایە، هەم سوننەتی تێدایە، هەم عیلمە، هەم زیکرە. خەیراتێکی زۆری لەخۆیدا کۆکردۆتەوە، کە رسول الله ﷺ دەفەرموێت:إِذَا مَرَرْتُمْ بِرِيَاضِ الْجَنَّةِ فَارْتَعُوا. قِيلَ: يَا رَسُولَ اللَّهِ وَمَا رِيَاضُ الْجَنَّةِ؟ قَالَ: حِلَقُ الذِّكْرِ.

فەرمووی ئەگەر باخەکانی بەهەشتتان بینی، لێی بەهرەمەند بن، تێیدا بمێننەوە، پشووی تێدا بدەن، تێیدا بحەوێنەوە، لێی بەدەست بهێنن. وتیان کامانەیە باخەکانی بەهەشت ئەی رسول الله ﷺ؟ فەرمووی: مەجلیسەکانی زیکر، دەرس و دەور. بڕۆن دابنیشن لەگەڵیان، عیلم فێربن. بڕۆن ئیمانتان زیاد کەن.[١٩]

سەحابەکان دەستی یەکتریان دەگرت دەیانوت:تَعَالَوْا نُؤْمِنْ سَاعَةً، وەرن با ئیمانمان زیاد کەین، ساتێک ئایات و ئەحادیث بۆ یەکتری بڵێین و شیی بکەینەوە و دەرس و دەور بخوێنین.

[١٩] موسنەدی ئیمام ئەحمەد ١٢٥٤٥

خاڵی دوازدەیەم: داخڵبوون بە ڕەمەزان بەو پەڕی خۆشحاڵییەوە

خاڵی دوازدەیەم بریتییە لە داخڵبوون بە ڕەمەزان بەو پەڕی خۆشحاڵییەوە.

دەبێت زۆر خۆشحاڵ بی کە داخڵی ڕەمەزان بوویت و گشتی پێی. اللّٰه ﷻ دەفەرموێت چی: قُلْ بِفَضْلِ اللَّهِ وَبِرَحْمَتِهِ فَبِذَٰلِكَ فَلْيَفْرَحُوا هُوَ خَيْرٌ مِّمَّا يَجْمَعُونَ.

بە فەزڵ و ڕەحمەتی الله ﷻ دڵخۆش بن. لەناو مانگەکاندا هیچ مانگێک فەزڵ و ڕەحمەتی اللّٰه ﷻ ی بەقەد ڕەمەزان تێدا نییە، تۆ دەبێت دڵخۆش بی پێی.

قُلْ بِفَضْلِ اللَّهِ وَبِرَحْمَتِهِ فَبِذَٰلِكَ فَلْيَفْرَحُوا هُوَ خَيْرٌ مِّمَّا يَجْمَعُونَ. ئەو فەزڵ و ڕەحمەتەی الله ﷻ لە مانگی ڕەمەزاندا هەیە، لە هەموو ئەو شتانە باشترە کە تۆ هەوڵیت بۆ داوە و کۆششت بۆی کردووە و کۆی دەکەیتەوە، لە هەمووی باشترە بۆت.[20]

عَنْ طَلْحَةَ بْنِ عُبَيْدِ اللَّهِ، أَنَّ رَجُلَيْنِ مِنْ بَلِيٍّ (قبيلة بلي) قَدِمَا عَلَى رَسُولِ اللَّهِ ﷺ، وَكَانَ إِسْلَامُهُمَا جَمِيعًا، فَكَانَ أَحَدُهُمَا أَشَدَّ اجْتِهَادًا مِنَ الْآخَرِ، فَغَزَا الْمُجْتَهِدُ مِنْهُمَا فَاسْتُشْهِدَ، ثُمَّ مَكَثَ الْآخَرُ بَعْدَهُ سَنَةً ثُمَّ تُوُفِّيَ.

قَالَ طَلْحَةُ: فَرَأَيْتُ فِي الْمَنَامِ بَيْنَمَا أَنَا عِنْدَ بَابِ الْجَنَّةِ، إِذَا أَنَا بِهِمَا، فَخَرَجَ خَارِجٌ مِنَ الْجَنَّةِ فَأَذِنَ لِلَّذِي تُوُفِّيَ الْآخِرَ مِنْهُمَا، ثُمَّ خَرَجَ فَأَذِنَ لِلَّذِي اسْتُشْهِدَ، ثُمَّ رَجَعَ إِلَيَّ فَقَالَ: ارْجِعْ، فَإِنَّكَ لَمْ يَأْنِ لَكَ بَعْدُ.

فَأَصْبَحَ طَلْحَةُ يُحَدِّثُ بِهِ النَّاسَ فَعَجِبُوا لِذَلِكَ، فَبَلَغَ ذَلِكَ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ وَحَدَّثُوهُ الْحَدِيثَ، فَقَالَ: «مِنْ أَيِّ ذَلِكَ تَعْجَبُونَ؟» فَقَالُوا: يَا رَسُولَ اللَّهِ، هَذَا كَانَ أَشَدَّ الرَّجُلَيْنِ اجْتِهَادًا ثُمَّ اسْتُشْهِدَ، وَدَخَلَ هَذَا الْآخِرُ الْجَنَّةَ قَبْلَهُ؟!

[20] سورة يونس ٥٨

فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ: «أَلَيْسَ قَدْ مَكَثَ هَذَا بَعْدَهُ سَنَةً؟» قَالُوا: بَلَى. قَالَ: «وَأَدْرَكَ رَمَضَانَ فَصَامَ، وَصَلَّى كَذَا وَكَذَا مِنْ سَجْدَةٍ فِي السَّنَةِ؟» قَالُوا: بَلَى. قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ: «فَمَا بَيْنَهُمَا أَبْعَدُ مِمَّا بَيْنَ السَّمَاءِ وَالْأَرْضِ».

بۆیە تەڵحە دوو دانە لە موهاجیرین لەلای نیشتەجێ دەبن. یەکێکیان لە یەکێک لە جەنگەکاندا شەهید دەبێت. یەکێکیشیان دەمێنێتەوە، ساڵی دوای ئەو لەسەر جێگە وەفات دەکات. شەوێکیان خەو دەبینێت، یەکێکیان کە شەهید بووە لەگەڵ ئەوی تریشیان کە شەهید نەبووە ساڵێک دوای ئەو وەفاتی کردووە لەسەر جێگە؛ دەبینێت ئەمیان زووتر دەچێتە بەهەشتەوە لە شەهیدەکە. ڕۆژ دەبێتەوە دێت بۆلای رسول الله ﷺ، عەجایەبی لە خەوەکەی دێت، بۆیە دەیگێڕێتەوە. دەفەرموێت: ئەی رسول اللّٰه ﷺ، ئەمەیان شەهید بووە. پلەی شەهادەت هەموو کەس دەزانێت چەند بەرزە. ئەمەشیان لەسەر جێ مردووە. بۆچی ئەمیان زووتر چووە بەهەشتەوە لە خەوەکەمدا لەوی تریان؟ رسول اللّٰه ﷺ فەرمووی: ئایا ئەوە نییە ئەمەیان لە دوای ئەوی تر ساڵێک ژیاوە؟ فەرمووی: بەڵێ. فەرمووی: ئایا ئەوە نییە ڕەمەزانی پێ گەیشتووە؟ فەرمووی: بەڵێ. فەرمووی: ڕۆژووی گرتووە تێیدا و ئەوەندە ڕکات و ئەوەندە ڕکات نوێژیشی کردووە لە تەراویحا؛ ئەی ئەمانە پێی نەگەیشتووە؟ ساڵی دوای ئەو نەژیاوە، کاری چاکی کۆ نەکردۆتەوە، نەگەشتووە بە ڕەمەزانێکی تر؟ ئەو هەموو عیبادەتەی تێدا نەکردووە، ڕۆژووی تێدا نەگرتووە؟ فەرمووی: بەڵێ. فەرمووی: دە هۆکارەکەی ئەوەیە.

یانی تەماشاکە، فەزڵ و گەورەیی ڕەمەزان لە بەرامبەر شەهادەتدا چۆنە؟ پێش دەکەوێت. بۆیە ئاگاداری خۆت بە. پێی دڵخۆش بە و مەهێڵە هیچ شتێک لەو ئەجرە بدۆڕێنیت. بەڵام کە بێ ئاگا بوویت لە فەزڵ و ڕێز و شکۆی، ئەوە تێدەپەڕێت و گوێشی پێ نادەیت.[٢١]

[٢١] موسنەدی ئیمام ئەحمەد ١٤٠٣

خاڵی سیانزەیەم: داخستنی دەرگاکانی شەڕو بێهودەیی

خاڵی سیانزەیەم؛ دەبێت ئاگاداربین دەرگاکانی شەڕو لەهولە خۆمان داخەین.

مۆبایل، شاشە بەگشتی. شاشە ئەمڕۆگەورەترین دەرگاکانی شەڕەکە کراونەتەوە بەڕووی موسڵمانانداا. ئیتر شاشەی مۆبایلە، ئایپادە، تەلەفزیۆنە، هەرچییەکە.

لە دوای ئەو؛ مەجالیسی لەهو. مەجلیسی دۆمینە و تاوڵە و فشقیات و زەم و غەیبەت و درۆ و بوختان.

گەڕانی شەوان بەسەر جادەکان و بازاڕەکان و کۆڵانەکاندا. ئەمانە هەمووی دەرگای شەڕە بەڕاستی لە خۆت کردۆتەوە لە ڕەمەزاندا.

زۆرگرنگە تۆدەرگاکانی شەڕلەسەرخۆت داخەیت. شاشە بەکارمەهێنە بۆخێر نەبێت. مەجلیسێک پڕخێر نەبێت مەچۆرە ناوی. ڕۆیشتنێک بۆدەرەوە زەروور نەبێت مەڕۆ بۆدەرەوە. قسەیانێک خێرنەبێت مەیکە. دەرگاکانی شەڕلە خۆت داخە کاکە.

رسول اللّٰه ﷺ دەفەرموێت:إِذَا جَاءَ رَمَضَانُ فُتِّحَتْ أَبْوَابُ الْجَنَّةِ، وَغُلِّقَتْ أَبْوَابُ النَّارِ، وَصُفِّدَتِ الشَّيَاطِينُ.

ئەگەر ڕەمەزان هات دەرگاکانی بەهەشت دەکرێتەوە، هیچ دەرگایەکی دادەخرێت. دەرگاکانی جەهەنەم هەمووی دادەخرێت، و شەیتانەکان کۆت و زنجیر.[22]

تۆدەرگای جەهەنەم داخراوە بۆدەیکەیتەوە؟

پاشان دەفەرموێت:إِذَا كَانَ أَوَّلُ لَيْلَةٍ مِنْ شَهْرِ رَمَضَانَ صُفِّدَتِ الشَّيَاطِينُ وَمَرَدَةُ الْجِنِّ، وَغُلِّقَتْ أَبْوَابُ النَّارِ فَلَمْ يُفْتَحْ مِنْهَا بَابٌ، وَفُتِحَتْ أَبْوَابُ الْجَنَّةِ فَلَمْ

[22] سەحیحی بوخاری ٣٢٧٧، سەحیحی موسلیم ١٠٧٩

يُغْلَقْ مِنْهَا بَابٌ، وَيُنَادِي مُنَادٍ: يَا بَاغِيَ الْخَيْرِ أَقْبِلْ، وَيَا بَاغِيَ الشَّرِّ أَقْصِرْ، وَلِلَّهِ عُتَقَاءُ مِنَ النَّارِ، وَذَلِكَ كُلَّ لَيْلَةٍ.

له یەکەم شەوی مانگی ڕەمەزاندا، شەیتانەکان و مەرەدەکان و جنە مارید سەرکێش و کافرەکان سنووردار دەکرێن، ئیتر ناتوانن جاران چۆن خەڵکیان گومڕا دەکرد بە هەمان شێوە خەڵک گومڕا کەن، کەم دەبێتەوە جووڵەیان، ئەگەر جاران دەتووت ئەوان زاڵن بەسەرماندا، ئێستا زاڵ نین بەسەرتا؛ مەگەر تۆ خۆت خۆت بدەیتە دەستیان. نەفسی ئەممارە بیسووێت لەگەڵ شەیتانی ئینس لە چواردەورت، دەوروخولیان داوی و هەڵدەخەڵەتێنن و لە خشتەت دەبەن و دەتدەنە دەست ئەو شەیتانانە کە جووڵەیەکی کەمیشیان هەیە، ئینجا ئێوە بەرن و گومڕا بن.

بۆیە دەرگاکانی شەڕ لە خۆت داخە. مەڕۆ لەگەڵیان.

دەرگاکانی دۆزەخ دادەخرێن و هیچ دەرگایەکیان ناکرێتەوە، دەرگاکانی بەهەشت دەکرێنەوە و هیچ دەرگایەکیان داناخرێن. پاشان بانگبێژێک بانگ دەکات: ئەی ئەو کەسەی بەدوای خێردا دەگەڕێیت، وەرە پێش، پەلە بکە خێر بەدەست بهێنە. ڕەمەزان کەمە و دەڕوات، اللّٰه ﷻ دەفەرمویت: أَيَّامًا مَّعْدُودَاتٍ. هەر لە خۆیەوە دەڕوات، چەند ڕۆژێکی دیاریکراوە دەڕوات و تێدەپەڕێت و پێی نازانی. چەند ڕۆژێکی بژێردراوی کەمە، زۆر نییە، بۆیە مەهێڵە دەستت دەرچێت. پاشانیش دەفەرمویت: ئەی ئەو کەسەی بەدوای شەڕدا دەگەڕێیت، وا دەکەیت، دەست هەڵگرە. دەرگای شەڕ لە خۆت داخە کاکە. تۆ دەرگای جەهەنەم داخراوە بۆ دەیکەیتەوە؟ هەموو شەوێکیش اللّٰه ﷻ چەند کەسێک لە ئاگر ڕزگار دەکات لەم مانگی ڕەمەزانەدا.[23]

هەوڵ بدە خۆت لەوانە بیت و دوعا بکەیت کەسوکاریشت لەوانە بن.

---

[23] سونەنی ترمذی ٦٨٢، سونەنی ئیبن ماجە ١٦٤٢

خاڵی چواردەیەم: زۆر دوعاکردن لە ڕەمەزاندا

خاڵی چواردەیەم؛ زۆر دوعاکردن لە ڕەمەزاندا.

خۆت ئامادە بکە زۆرترین و گەورەترین دوعاکانت لە ڕەمەزاندا بکەیت و زۆریش دووبارەیان بکەیتەوە، هەموو دوعایەک.

چونکە بەڕاستی ئەو جێگایانەی کە پیرۆزن و ئەو کاتانەشی کە پیرۆزن دوعای تێدا گیرایە و ڕەد ناکرێتەوە. بەتایبەتی ڕەمەزان، تۆدەگەیتە چوار جومعەی. چوار عەسری جومعەی ڕەمەزانی تێدایە کە دوعا ڕەد نابێتەوە تێیدا. تۆ سێیەکی شەوت هەیە کە دوعا ڕەد نابێتەوە تێیدا. شەوی قەدرت هەیە شەوەکانی کە دوعا ڕەد نابێتەوە تێیدا. بەینی بانگ و قامەتەکانت هەیە کە دوعا ڕەد نابێتەوە تێیدا. نەینی بانگ و قامەت هەیە کە دوعا ڕەت نابێتەوە تێیدا. دوعای ڕۆژووەوان کاتێک کە ڕۆژووەکەی دەشکێنێت ڕەد ناکرێتەوە.

کات زۆرە بۆدوعا لە ڕەمەزاندا. و دوعاش تێیدا گیرایە.

رسول اللّٰه ﷺ دەفەرموێت: إِنَّ لِلصَّائِمِ عِنْدَ فِطْرِهِ لَدَعْوَةً مَا تُرَدُّ.

ڕۆژووەوان دوعایەکی هەیە لە کاتی ڕۆژووشکاندنەکەیدا، واتە پێش ئەوە بە ماوەیەک تا دوای ڕۆژووشکاندنەکەی، لەوکاتەدا دوعای وەڵام دەدرێتەوە و ڕەد ناکرێتەوە.[٢٤]

بۆیە هەوڵ بدە زۆرترین دوعات هەبێت لە ڕەمەزاندا. جا بیهێنەرە پێش چاوی خۆت، رسول اللّٰه ﷺ دەفەرموێت:لَخُلُوفُ فَمِ الصَّائِمِ أَطْيَبُ عِنْدَ اللَّهِ مِنْ رِيحِ الْمِسْكِ.

بۆنی دەمی ئینسانی ڕۆژووەوان لای اللّٰه ﷻ لە بۆنی میسک خۆشترە.[٢٥]

---

[٢٤] سونەنی ئیبن ماجە ١٧٥٣

[٢٥] سەحیحی بوخاری ١٨٩٤ و ١٩٠٤، سەحیحی موسلیم ١١٥١، موسنەدی ئیمام ئەحمەد ٧٢٩٢

کەواتە بۆنی دەمت ئەوەندە خۆش بێت بەهۆی عیبادەتێکی ئاوا کە ئەنجامی دەدەیت کە ڕۆژووە، ئەی دەبێت دوعاکەت چەندە لاگرنگ بێت؟

بۆیە ئەگەر تەماشاش بکەین اللە ﷻ ئایەتەکانی ڕۆژووی بۆهێناین، سێ ئایەت، دوا ئەو ئایەتێکمان بۆ دەهێنێت لەسەر دوعا، ئینجا ئایەتێکی ترمان بۆ دەهێنێت لەسەر ڕۆژوو. واتە لە بەینی ئایەتەکانی مانگی ڕەمەزان و ڕۆژوودا، ئایەتێکمان بۆباس دەکات کە دوعایە.

لە دوای كُتِبَ عَلَيْكُمُ الصِّيَامُ كَمَا كُتِبَ عَلَى الَّذِينَ مِن قَبْلِكُمْ تاوەکو شَهْرُ رَمَضَانَ الَّذِي أُنزِلَ فِيهِ الْقُرْآنُ، لە دوای ئەوە ئایەتێکت بۆدەهێنێت: وَإِذَا سَأَلَكَ عِبَادِي عَنِّي فَإِنِّي قَرِيبٌ أُجِيبُ دَعْوَةَ الدَّاعِ إِذَا دَعَانِ فَلْيَسْتَجِيبُوا لِي وَلْيُؤْمِنُوا بِي لَعَلَّهُمْ يَرْشُدُونَ.

باسی دوعا دەکات، ئەگەرعەبەدەکانم پرسیاری منیان لێ کردی، نزیکم لێیانەوە، دەپاڕێنەوە لێم وەڵامیان دەدەمەوە.

ئینجا دوایی دەچێتەوە سەر ئایەتەکانی ڕۆژوو. وەک ئاماژەیەک بڵێت ئەم مانگە ئاگاداربە لەناویدا دوعا قبوولە و ڕەد ناکرێتەوە؛ بۆیە نەکەی غافڵ بی لە دوعا. و دوعا بۆئێمەش بکەن.

خاڵی پانزەیەم: کۆششکردن لەگەڵ نەفس (موجاهەدەی نەفس)

خاڵی پانزەیەم؛ بریتییە لە موجاهەدەی نەفس.

ڕاهێنانی نەفسی خۆت، کۆششکردن لەگەڵی کە ڕاییهێنیت لەسەر عیبادەت، لەسەر جێبەجێکردنی فەرمانەکان، لەسەر دوورکەوتنەوە لە قەدەغەکراوەکان.

جڵەوی بکەیت. فێری بکەیت دنیا لە خشتەی نەبات، فێری بکەیت بۆ قیامەت کار بکات. فێری بکەیت ئیسلام سەربخات. فێری بکەیت دیراسە بکات. فێری بکەیت واز لە خەو و شاشە و خەیاڵ و موحەڕەمات بێنێت.

هەوڵ بدەیت ئەم نەفسەی خۆت ڕابێنیت لەسەر کۆششکردن بۆ بەدەستهێنانی ڕەزامەندی الله ﷻ.

رسول الله ﷺ هانی موسڵمانانی دەدا لە ڕەمەزاندا زۆرترین عیبادەت بکەن، زۆرترین کۆشش بکەن، زۆرترین ڕەزامەندی الله ﷻبەدەست بهێنن. خودی خۆشی وا بوو. هاوسەرەکانی بەخەبەر دەکردەوە، هەتا هاوسەرەکانی دەفەرموون: مێزەرەکەی توند دەکردەوە و توند و تۆڵ دەبوویەوە لە عیبادەتدا.

تۆ زۆر گرنگە و زۆر پێویستت بەوە هەیە موجاهەدەی نەفسی خۆت بکەیت. ئەوەش بکەیت الله ﷻ هاوکاریت دەکات.

وَالَّذِينَ جَاهَدُوا فِينَا لَنَهْدِيَنَّهُمْ سُبُلَنَا وَإِنَّ اللَّهَ لَمَعَ الْمُحْسِنِينَ.

ئەو کەسانەی کە کۆشش دەکەن لەگەڵ نەفسی خۆیان و دەیانەوێت نەفسی خۆیان پاک کەنەوە و چاکی کەن و پڕی کەن لە ڕێز و شکۆ و ئیمان، ئێمە ڕێنموونییان دەکەین و ڕێبازی خۆمانیان نیشان دەدەین. الله ﷻ لەگەڵ ئەمانەیە، ئەمانە کارچاکن بێگومان.[٢٦]

[٢٦] سورة العنكبوت ٦٩

بۆیە نەفست ڕابێنە لە ڕەمەزاندا لەسەر تەرککردنی شتە بێسوود و بەکەڵک و حەرام و خراپەکان، ئەوانەی کە چرووک و بێڕێزت دەکەن لەلای خالقیش و لەلای مەخلوقیش، و ڕایبێنە لەسەر ئەو شتانەی کە هەرهەمووی فەزڵ و ڕێز و شکۆیە، بەڕێزت دەکەن لەلای خالق و لەلای مەخلوقیش.

خاڵی شانزەیەم: خوێندنەوەی فەزڵ و تایبەتمەندییەکانی ڕەمەزان

خاڵی شانزەیەم؛ هەوڵ بدە تایبەتمەندییەکان و فەزائیلەکانی ڕەمەزان دیراسە بکەیت، بیخوێنیتەوە و ورد بیتەوە لێی.

بۆئەوەی وات لێ بکات بگەی بەوەی کە تێیایەتی.

زنجیرەیەکمان هەیە لە یوتیوبدا ١٥ ڤیدیۆیە لەسەر فەزائیلەکانی ڕەمەزان، زۆر گرنگە دیراسەیەکی وردی بکەیت، گوێی لێ بگرە. چونکە بەڕاستی تۆکە شتێک دەبینیت و فەزڵ و ڕێز و گەورەییەکەیت زانی، ئەوا سوور دەبیت لەسەر بەدەستهێنانی و نایەڵیت بەفیرۆ بچێت لێت. بەڵام کە بێ ئاگا بوویت لە فەزڵ و ڕێز و شکۆی، ئەوا تێدەپەڕێت و گوێشی پێ نادەیت.

زۆر گرنگە ئاگاداری ئەو بابەتە بیت. نەکەی وەک هەندێک کەس دێتە مەکە و مەدینە، فەزائیل و ڕێز و شکۆی مەکە و مەدینە نازانێت، چی عیبادەت تێیدا نازانێت؛ بۆیە تێی دەپەڕێنێت و زۆر ئیعتیادی وەک سەفەرێک و سیاحەتێک. نەکەی ڕەمەزانیش وا بێت.

ئەرێ ڕەمەزان چی خۆشە لای تۆ؟ ئەم پرسیارە لە خۆت بکە. لەوانەیە بڵێی واللّٰه بەڕبانگەکەی ئەو هەموو خواردنە خۆشە، واللّٰه خواردنەکەی پارشێوانی. هەیە دەڵێ عەلقە و فلیم و گۆرانییەکانی کە حازیریان کردووە، بەرنامە فاسیدەکان کە لە کەناڵەکان حازیریان کردووە. هەیە دەڵێ گەڕانەکەی شەوانی. هەیە دەڵێ زۆر خۆشە بە شەو ناخەوی بە ڕۆژ دەخەوی. ئەوە تیاچوونە. ئاوا ڕەمەزان بناسی. ئەبێت بڵێی تەراویحەکەی خۆشە، بڵێی ڕۆژووەکەی خۆشە، بڵێی دوعاکانی خۆشە، بڵێی قورئان خوێندنەکەی خۆشە، بڵێی دەرس و دەورەکانی خۆشە؛ دەبێت دڵت بەوانە خۆش بێت. بۆیە بڕۆ بخوێنەرەوە، دیراسە بکە لەبارەی ئەو بابەتەوە.

خاڵی حەڤدەیەم: هەوڵبدەیت هیچ فەزڵێکت لەدەست نەچێت لە ڕەمەزاندا

خاڵی کۆتایی؛ هەوڵ بدە هیچ فەرزێک لەکیس نەچێت لە ڕەمەزاندا، و هیچ سوننەتێکیش لەکیس نەچێت. و دوورکەوەرەوە لە هەموو حەرامێک و لە هەموو مەکروهێکیش. ئەمە زۆر گرنگە.

فەرائیزەکان نزیکت دەکاتەوە لە الله ﷻ تا دەبیتە خۆشەویستی الله ﷻ . سوننەتەکانیش پلەت بەرز دەکاتەوە هەتاوەکو ئەجر و پاداشتی پەنجا دانە شەهیدت دەبێت لە هاوەڵانی رسول الله ﷺ.

الله ﷻ بۆ خۆی لە فەرموودەیەکی قودسیدا دەفەرموێت:وَمَا تَقَرَّبَ إِلَيَّ عَبدِي بِشَيْءٍ أَحَبَّ إِلَيَّ مِمَّا افْتَرَضْتُ عَلَيْهِ.

عەبدەکەم لێم نزیک نابێتەوە بە هیچ شتێک کە من پێم خۆش بێت بەوە نەبێت کە فەرزم کردووە لەسەری.[٢٧]

چی لەسەر فەرز کردووی؟ ڕۆژووەکە، پێنج فەرزەکە، حەڵاڵ خواردنەکە، دوورکەوتنەوە لە حەرامەکە، چاکوتنەکە، دوورکەوتنەوە لە خراپوتنەکە. ئەمانە فەرائیزە، هەمووی جێبەجێ بکە.

ئینجا دوای ئەوە سوننەتەکانمان هەیە. وەک زیکر و ئەوراد و قیرائەت و تەڵەبی عیلم و نوێژە سوننەتەکان. هیچی مەفەوتێنە.

خشتەیەکی خۆتت پێ بێت، ئی هەموو ڕۆژێکی ڕەمەزان، کە چۆن بەسەری بەری. کات دابنێ بۆ قورئان خوێندن، کات دابنێ بۆ زیکرکردن، کات دابنێ بۆ فەرزەکان، کات دابنێ بۆ سوننەتەکان، کات دابنێ بۆ فێربوونی عیلمی شەرعی.

هەر هەمووی ئەجر و پاداشتە.

---

[٢٧] سەحیحی بوخاری ٦٥٠٢

ئەگەر بێتو ئەم شازدە خاڵە جێبەجێ بکەیت إِنْ شَاءَ اللّٰه لەو قەناعەتەدام بەهرەمەند دەبی لە مانگی ڕەمەزان و دەبیتە خاوەنی ئەجر و پاداشتێکی زۆر، دونیاشت باش دەبێت و قیامەتیش باش دەبێت.

والحمد لله رب العالمين.